هەژاری پەروەردە و شکستی خوێندن.. نووسینی: گەشاو عبدلقادر

پەروەردەی تاك كارێكی گرنگە بۆ پێگەیاندنی تاكێكی تەندروست ئەم پەروەردەیەش یەكەم جار لە ژینگەی خێزانەوە دەستپێدەكات كە یەكەم قوتابخانە ماڵە و یەكەم مامۆستا و بەڕێوبەر دایك و باوكە، دواتر قوتابخانە و پاشانیش كۆمەڵگا و ئاگەیاندن بۆیە وەك دایك و باوك و مامۆستا تا بتوانین تاك بە چاكی و بە باشی پەروەردە بكەین هێشتا كەمە.
بۆیە بەپێویستم زانی وەك مامۆستایەك لەسەر ئەزمونە گشتییەكانی پڕی دوانزەی ئەمساڵی هەژاری پەروەردە بنوسم.
(Educational Policy) ئەو وەختەیە كە تاك یان كۆمەڵگا دەرفەتی پێویستی بۆ پەروەردەكردن و فێركردن نیە
كەواتە ئەوەی خوێندییەوە هەنگە بڕی هەژاری ئابوری و كەم دەرامەتیم بینیوە بەڵام هەژاری پەروەردەیم نەبینیوە كەواتە بابزانین چیە و چەند جۆرەكاری هەژاری پەروەردەیی هەیە؟

1 – هۆكارە خێزانیەكان:
دیارە هۆكاری خێزانی زۆر زۆرە بۆ پەروەردە كردنێكی هەژاری یەكێك لەو هۆكارانە كەم دەرامەتیە باری ئابوری و بژێوی خێزان كە دەتوانێت بەپڕی پێویست داواكاری منداڵەكەی بە هەند وەر بگرێت، بۆنمونە لە پڕی دوانزە مامۆستای تایبەت و خول و موچە و داهات فێرگە و هاتو چۆ و جل و بەرگی پیویست ناتوانێت دابین بكات.
نەخوێندەواری دایك و باوك – ئەم خاڵە مەبەستم ئەوەنیە كە دایك و باوك نازانن بنوسن یان بخوێننەوە نا بەپێچەوانەوە لە ئێستادا زۆرینەی دایكان و باوكان توانای نوسین و خوێننەوەیان هەیە بەڵكو ئاستی هۆشبیری و گرنگی دانیان بە پەروەردەكردنی منداڵەكانیان و فێركردنیان نیە، هەموان دەزانین بەشكی دایكان و باوكان تەنها لەكۆتایی ساڵ كاتی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی گرنگی بەمنداڵەكانیان دەدەن وەك ئەوەی هەمو ئامانجی خوێندنی ئەو ساڵە لەو تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵ كە كرابێتەوە، زۆر لە دایكان و باوكان بەپڕی پێویست كاتی تەواو بۆ پەروەردە و فێر كردنی منداڵەكانیان دانانێن و بیر لە پەرەوەردە كردنیان ناكنەوە ئەوە لە كاتكدایە كە پێویستە كاتی دیاری كراو و گونجاویان بۆ دابنێن و پێویستی خوێندنیان بۆ

دابین بکەن، جگە لەوەی کەشکی پەروەردەیی و ئارامیان بۆ بەخسنەت گەان و میوانداری کەم بکەنەوە، لەهەموی گرنگترە پەروەدەیان بکەن نەك ترس و دڵە اوکێ یان تیا بچەسپێنن و لەکاتی خراپی دەر نەچونیان دوور بکەونەوە لە بەراورد و لێمەکردن و شەرمەزار کردنیان و ژیانیان لێ تاڵ بکەن و قسەکانیان تێقێنەر بێت، ئەمانە هەموی هەکاری دواکەوتنی خوێندکاری پێلی دوانزەیە، وە نەبونی پەیوەندی لەنێوان خوێندکار و و خوێندگا.

2 – هەکارێکی دیکەی شکستی خوێندنی پێلی دوانزەی ئامادەیی

دیارە ئەمساڵ لەهەمو ساڵێکی خوێندنی سانی ابردو ێژەی دەرنەچون و مانەوەیان زۆر زۆر بوو ئەوەش تەنها یەك هەکار نیە:

یەکەم : مامۆستا:

پێم ناخۆشە وەك مامۆستایەك هەرش بکەمە سەر مامۆستایان بەگشتی و مامۆستایانی پێلی دوانزە بەتایبەتی هەندێك مامۆستا تەنها مەبەستیانە بازاڕ گەرم بکەن بە ێکلام کردن بەناو و بە وانەکەیان بەنمونە (شێخی زیندەوەر زانی) یان (ئەنیشتاینی کورد) یان لێگاریتم و زۆر ناونیشانی دیکە تێ بڕی ئەوەندە بەتوانا و خەم خۆریان هەبێت کە خوێندکارێکی مامناوەند یان خوار مام ناوەند بگەیەننە ئاستێکی بەرز؟

یان ناو و ناوبانگیان تەنها بۆ ێکلام بێت یان بوون و دروستکردنی چەندین مەلزەمە ئەمە شان و باڵی وایە ئەوەیان پار وابو ئەمساڵ وایە و تەنها خۆ دەوڵەمەند کردن بێت یان بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەدەیی کەواتە وەزارەتی پەروەدە بۆچی هەمو کتێبەکانی پڕۆگرامی وەلا نانێ خۆ فڕخواز بەکاری ناهێنێت.

یان مامۆستای (بۆ ئەزمون) پێلی دوانزە دەڕتەوە خێی و ئاستی زانستی لەسەر ئەوان تاقی دەکاتەوە هەشیانە لە منەتکردن بەسەر خوێندکاراندا هیچی تری پێنیە.

واهەستەکەم ئەو مامۆستایانەی کاریگەری تەواویان لەسەر بەڕوە بردنی پڕۆسەکەوتی خوێندکار هەیە خوێندن لەلایان خۆشەویست دەکات زۆر کەمن، چونکە چەقبەستویی و نەبوونی زانیاری و بەپێی سیستەمی کۆن بەڕوە دەچن واناکەن خوێندن لەلایان جوان و خۆشەویست ببێت.

دووەم : کۆشە پەروەدەییەکانی تایبەت بە وەزارتی پەروەردە

بۆگومان کۆشە پەروەدەییەکان بەدەر نیە لە هەکاری شکستی خوێندکار

- نەبونی پلانێکی باش و سەرکەوتوو
- بونی هەڵەی زۆر و سەر تێکدەر لەخوێندکاران و بۆ متمانەیی لە

پرسیارە وزاریيەکان
❖ گۆڕینی شێوازی پرسیاری وزاری
❖ قورسی پرسیارەکان و کەمی پرسیاری ئاسان
❖ داخڵ کردنی وانەی کوردی و عربی کە ساڵانی ڕابردوو ئەم دوو وانەیە داخڵ نەکراوە بۆ بەشە زانستیە کان
❖ زۆری پشووەکان بەتایبەت کاتی شەڕی (ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران) نەبونی جێگرەوەی خوێندن لەزێربەی خوێندنگاکان
❖ نزمی ئاستی فێر خوازان بەهۆی یارمەتی دانیان لەساڵانی ڕابردوو وەك بونی نمرەی بڕیار و دەرچون بە نمرەی (40) و پەڕینەوەی خوێندکاران و زۆر شتی دیکە

سێیەم : فێرخواز
هەمو ئەوانەی پێشتر باسمان لێوەکرد هۆکاری شکستە بەڕام لەگەڵ هەمو ئەمانە و کەم و کورتیەکانی بەڕام ئەگەر خوێندکاران مەبەستیان بێت سەرکەوتو دەبن بەڕام لە ئێستادا نەبونی جێش و خرێشی خوێندکار ڕکابەری لەسەر ئاستی زیرەکی و نمرە لە نێوان خوێنکاران بۆ فێر بوون وەرگرتن و گەیان بەدوای زانیاریەکان ڕوو لە کەم بوونە، وە بونی مەلزەمە و مامۆستای تایبەت و خوێندنی ناحوکمی هەمو ئەمانە جەنجاڵی و ئاڕاوزی دروستکردوە و سەرلە خوێنکاران دەشێوێنێت، نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخوێندن ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە داگیر کردنی مۆشکیان بە بەکار هێنانی سۆشیال میدیا و لێ بردنی کاتیان ئەمەش وادەکات ئاستیان زۆر زۆر خراپ بێت، نەبونی هیوایان بە دووا ڕۆژ کە دەزانن پرسەی پەروەردە و فێرکردن بەگشتی لەخزمەت منداڵی دەوڵەمەندەکاندایە، وە نەبونی دامەزراندن و نەخساندنی هەلی کار و زۆر شتی تر هەمو دەبێتە هۆکارێکی دیکەی شکست، متمانە بەخۆ نەبوون و هۆکارێکی ترەڕ ترس و دڵە ڕاوکێ زاڵ دەبێت بەسەریاندا کە ساڵانی ڕابردووتر ئاستیان زۆر زۆر باشتر بووە بەڕام لە پڵی دوانزە وردە وردە دادەبەزیت بەتایبەت لەکاتی تاقیکردنەوەی وزاری وە نازانن کات بەڕوە بەرن و پلان بۆ کاتیان دابنێن بۆ چارە سەر و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکار.
ئەم سێ کوچکەیە (خوێندن – خوێندکار – قوتابخانە کۆمەڵگا) هەرسێکیان کاری باش ئەنجام بدەن بۆیە ئەمە دوبارە نەبێتەوە.

نووسینی:
گەشاو عبدلقادر
ڕاهێنەری پەروەردەیی